# ماسییەکان پێ دەکەنن



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ماسییەکان پێ دەکەنن

سورخی



ناوی کتێب: ماسییەکان پێ دەکەنن – شیعر
شیعری: سورخی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٤٥
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد حەمید
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٥٠١ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## بەیان

بەیان سێوێکە لە باخی شەو
لە بوولێڵێک
بە سەر خاکی سەوزی
چاوەکانمدا بەردەبێتەوە
بەیانی کە پێدەکەنی و چاوەکانت دەکەیتەوە
ئەو کات سیمای شەڕ
ماندوو دەبێت و خەو دەیباتەوە





## لیسا

شەوی پەمەیی
لە ڕوخساری لیسای دەکرد
بای دەستە سپییەکانی هەندرێن
یاری  بە چڵە سەوزەکانی قژی دەکرد
باران دەباری
دڵۆپەکان منداڵی چاوڕەشی هاروهاجن
گوڵە سوورەکان تەڕ دەبوون
نەمامەکان یارییان دەکرد
تەم پێدەکەنی
مانگە شەویش
لە چاوەکانی لیسادا
بیبسی کۆلای دەخواردەوە

# تەمەن

چ زوو مردین
بە هەردووکمان
تەمەنی ساوایەکمان نەبوو
کاتێ دەسووتاین
هێندەی کۆرپەی گیانمان
دووکەڵی سپی دەچوو بۆ ئاسمان
هەورۆچکەیەکین نازەنین





ڕوو لە چاوی خۆر دەگرین
بە دەستە بچکۆلانەکانمان قژی زەوی ڕادەکێشین
پێ لە زگی ڕەشی خۆر دەنێین
لە ناو هەورۆچکەکاندا دەخەوین
دەبین بە کەرتە نانێک
ئەستێرەکان دەنووکمان تێ دەژەنن
ماسییە وردیلەکان خێرا و بە هەڵپە
دەمانخۆن
کاتێکیش بەردەبینەوە سەر زەوی
لەگەڵ تەرمی نێرگزێکدا دەماننێژن

## چەند حاڵەتێکی گەواڵەکان

با گەواڵەیەکی هێنا
سەری مانگایەک بوو
بە گوریسێکی درێژ ئادەمیزادەکان
بۆ لای خۆیان کێشیان دەکرد
مانگایەک لە گووانەکانی شیر دەچۆڕا





با گەواڵەیەکی هێنا
ئاسکێک بوو
بە تیرێکی سوور پێکرا بوو
گووانەکانیشی پڕ بوون لە شیر

با گەواڵەیەکی هێنا
پارچەیەک نان بوو
بە دەم سەگی ڕەشی شەوەوە
سەگێک کە نانەکەی دەخوارد
مڕەی دەهات
جارجاریش بە چاو وەفای بۆ مرۆڤەکان دەنواند





با گەواڵەیەکی هێنا
ماردین بوو
کەمانچەکەی دەژەنی
درەختەکانیش سەمایان دەکرد

گەواڵەیەک با هێنای
زەردەخەنەی سەر لێوەکانی یولیا بوو
پێدەکەنی
دەهات و پێدەکەنی
تا بوو بە باران
داباری
هەر پێدەکەنی





## تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ

پەڵە هەورەکان
فرمێسکی چاوی ئاسمانی منداڵن

شەو دەستە سپییەکانتی داپۆشی
خەوت لێ کەوت

بەختەوەری ماسییەکە
ڕۆژێ ڕاوکەر
ڕۆژێکیش مەل
ڕۆژێکی تریش نەهەنگێک قووتی دا





کات ئێسکێکی فڕێدراوە
شوێنیش سەگێکی دڕی نووستوو

نەخۆشم
مۆسیقا لیمۆیەکی ترشم بۆ سپی دەکات

من و ئاو هەموو ڕۆژێ یەکتر دەبینین
یان من دەچمە ژێر بارانی
یان ئەو دێتە ناو زگی من

دوێنێ گەواڵەکان ڕاڕا بوون
باران
وێنەکەتی فڕێ دایە ناو ئاو







زەوی
چاوێکی کوێرە
لینجاوێکی سووری مەیلەو شین
بە سەر بیلبیلەکەیدا مەییوە

دارستان
سەری مەڕێکی سەربڕاوە
چۆلەکەکانیش تنۆکە خوێنن

ئێوارە
دوولاقی کابرایەکی زەبەلاحە
کۆترەکان بە نێوانیدا تێ دەپەڕن





ئەو ڕۆژە
کراسە سپییەکەتم لە شان نا
بۆ بەهەشتم برد

بەیان خانمی تەمەنم
لە گەرماوەکەدا خۆی دەشوا
چۆلەکەکانیش ئاوی جۆگەلەکە دەخۆنەوە

لە سێوێکدا

ددانەکانی پێشەوەتم بینی

تاریکایی

قالۆنچەیەک بوو لە ناو دەسکە کەرەوزێکدا دەگەڕا





ژیان

نینۆکی درێژی پەنجەی ئەو کوڕە بوو

کە ئەوێ ڕۆژێ بڕی و فڕێی دا

بزمارە سپییەکان
مەیلەو ڕەش بوون
هەموو سابوونە سپییەکان
لە تۆ دەچن یولیا

ڕووناکی دەستەسڕێکە
ئاوی چاوە کوێرەکەی زەوی پێ دەستڕمەوە





# یولیا

ئاه خوایە
وەک نەرمەبایەکی هەستپێکراو
هەموو ڕاز و نهێنییەکانی
لە هەناسە و دەموچاوییەوە
بۆ لام دەهات
هەموو پەیڤە شاردراوەکەی ناخی
وەک توێژێکی سپی بە سیمایەوە بوو
نازانم دەموچاو بۆ ئەوەندە پیرۆزە

ئەو شەوەی لە ماڵ نەبووی
لە ناو جێگەکەت خەوتم
بەیانی کە لە خەو هەستام
سەرینەکەتم ماچ کرد
ئەو جێیەی کە هەموو شەوێک دەموچاوتی
لە سەر دادەنێی
ئەو شوێنەم وەک پشیلە بۆن کرد





سەیری ناو چاوەکانیم دەکرد
لە خەتە قاوەییەکان ورد دەبوومەوە
چاوەکانم پڕ دەبوون لە ئاو
ئێستا بیر لەو ئازادییە دەکەمەوە
گریانم دێ
بە خۆم دەڵێم
چ شتێک گرنگترە لە سەیرکردنی چاوەکانی یولیا

له سیمای سادەترین شت
شەڕ دەبینم
ئەم دەوروپشت و زەوییە سادە و جوان و نەرمە
هێندە بەستەزمانە
ئەگەر سەربازێکی ئامێریش
هێرشی بۆ بێنێ داگیری دەکات





# ماردین

ئەمشەو
فریشتەی گیانە سپییەکەی ماردین
کەمانچە سوورەکەی دەژەنێ
ئەستێرەکانیش لێی نزیک دەبنەوە
ئاو لە کراسەکەی دەخۆنەوە
ماردین مانگە
فرمێسکی چاوی ڕەشی شەو دەسڕێتەوە
گیانی هەورەکان لە ڕووباری ئاسمان دەشواتەوە
ماردین سروشتە
هەزاران پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ
دەکەونە سەر دەست و ناو کۆشیەوە

## ماسی

ئاسمانێک بووی
درەختە سەوزەکانی دەستم
لە دامێنی کراسە شینەکەت نەدەبوونەوە
سیمات گەواڵەیەک بوو





چۆلەکەکان
ئاویان لە دەمتدا دەمژی
دەهاتی و چیمەنە سەوزەکەی زەوی
ئاوی بارانی دەخواردەوە
ماسییەکانیش
لە دەوری پارچەی تیشکی چاوت
کۆببوونەوە
ئەمشەو هاتم
سەتڵێکی پڕ لە ئەستێرەم لە بەر دەرگای
ماڵتان هەڵڕشت
بۆ ئەوەی هەرکاتێ بێیت و بڕۆی
پێیان لێ بنێیت
بە خەبەربێمەوە

# شێرە بەفرینە

سێوە لا سوورەیەک بووم
بە دەست کچە باخەوانێکەوە
بە دەم سووکە گازەوە
وەک پێکەنینی چاوەکانی
ناوکە قاوەییەکانم کەوتنە سەر زەوی





هەناسەی بووە خۆر
چووە گیانمەوە
کاتێ بووم بە نەمام
بەژنی ئەوم گرتەخۆ
ئەویش بۆ هەتا هەتایە
وەک من گۆنای سوور بوو

له شەوێکی سارد دا

سەربازەکان

ئەویان هەڵوەراند

منیشیان کردە سەرکەبزۆتی ئاگرێکی گەورە

ئیتر لەو کاتەوە

نە من باڵای ئەوم ما

نە ئەویش سوورایی گۆنای

ماچم دەکرد



سورخی (٣)



جوانەگای ئێوارە

لە دۆڵەکەی ئەو دیوی گوند

هاتە ناو باخی ڕۆژ

گشت گیا زیوینەکانی خوارد

ئاو لە چاوە ڕەشەکانی ئێوارە دەزا

ئەو ژنەی لە درەخت دەچوو

چارۆگەکەی پڕ کرد بوو لە خەیار

نەمامەکانیش
وەک مندالآنی هاروهاج
لە یالّێکی بەرزەوە
خۆریان خزاندە ناو گۆمی مەنگی ئاسمانەوە
تۆم لە ناو دنیایەکی سپیدا بینی
دەستی خۆرت ڕادەکێشا
دوور دەکەوتیتەوە
منیش هێدی هێدی
بە دواتدا دەبووم بە بەفر
هەموو ئێوارەیەک
کۆترێک ڕۆحم بە جێدێلّێت





ڕۆژێ دێ
لە پەنجەرە سەردەردێنێ
گیانم بووە بە شێرە بەفرینە و چاوەکانم نەماون
ئەوکاتە دێی
دەست بە سەرمدا دێنیت
گیانی بەفرینم لە باوەش دەگری
نایەڵی هەرەس بێنێت

## یاری ئەستێرە

خۆر گوڵە حاجیلەیە
دوو دەستی گەواڵەیەک
پەڕەکانی لێ دەکردنەوە
دوا پەڕەکانی خۆر و چاوەکانم کەوتنە ناو ڕووبارێک
کە بە شەو مانگ مەلەی تێدا دەکرد
دەستم لە قژی بەیان دەئالاند
ئەستێرەیەک لە سەر سینگم بوو
یاری بە گوێم دەکرد
کە لە خەو هەستام
چاوەکانم هەڵفڕین
ئەستێرەکەش چوو بۆ یاری





## گیان شاردنەوە

بۆ پەپوولەی بالات
وا خۆم دەڕوێنم ئاشنای خاک ببم
دەبم بە تەلاشە بەردێکی بچکۆلانە
فرمێسک بۆ زەوی هەڵدەڕێژم
من ناوچەوانی بەردێکی ڕەشم
چەندین جار لە بەر تریفەی مانگەشەودا
لێوم بۆ گەندەمووی گۆنات هێناوە
بارانی گشت وەرزەکان پێیان لە ناوچەوانم ناوە
لە ڕاگوێزان دێتەوە یادت
لەگەڵ نەمامەکاندا

دامێنی کراسەکەتمان لە خاک دەشووشتەوە
لە ناو ڕووباری گیانتدا چاوەکانم دەکردەوە
بە پەنجەکانم لمی گیانتم هەڵدەدا
تا ئەلبوومی پڕ لە گوڵ و پەپوولەکانم بدۆزمەوە
کاری سووکە شەپۆلێک لە خەونم دەکات
لەگەڵ وردە چەوەکاندا
بۆ کەناری چاوەکانتم دەباتەوە
من بەربوومەتەوە ناو ئەم دنیایە
تا جێم بکەیتەوە و گیانی بچکۆلانەمت لا بشارمەوە





## ئاو وەک هەموو شتێک

ئاو لە ناو گەواڵەکاندا نووستووە
ئاو لە ڕووبارێکدا پێدەکەنێ
گیانی درەختەکان بە کەفەوە خۆی ڕادەوەشێنێت
یاریگەی منداڵەکان بوو بە چاڵە ئاو
ڕەوێک باڵندە و ئاژەڵە کێوی ئاوی تێدا دەخۆنەوە

کراسەکەی یولیا بوو بە ئاو
ئاو دەڕوا و ماندوو دەبێت و دەگری
پاشان پشوو دەدا و سووکە خەوێک دەکات
ئەو کەسەی خۆشم دەوێ بوو بە ئاو
بیرم لە ئاو کردەوە لەسەربان بوو
دڵم کەوتە ناوی
گیانم هەمووی بوو بە ئاو
دنیا ڕەنگی ئاوی گرتووە
بۆیە وا سەیر و سەمەرە و پڕ سەرسامی هەڵکەوتووە





## دابەشکردن

کاتێ مانگ بەردەبێتەوە
بەر پەنجەرەکەی ماڵی بەیان دەکەوێ
وەک چۆلەکەیەک پەڕەکانی هەڵدەوەرێ

دوێنێ پێنج شەممە بوو
دوو دڵۆپ باران و ئەستێرەیەکی
کراس سووری چکۆلە بزربوون
منداڵان یارییان دەکرد
ملوانکەیەکیش لە گیرفانمدا بوو
کاتێ بەیان بانگم دەکات
ڕەوە چۆلەکەکانی ئێوارە
کراسی سێبەریان
بە سەر درەختەکاندا دابەش دەکرد





## نیشتنەوەی کۆترێک

بە بن ئاسمانێکی پڕ لە هەوردا
مەلێک
دوای تەرمی سەرشانی درەختەکان کەوتبوو
مەلێک جریکاندی
ئەرکە ماڵئاوایی لە مردوو
بە بن ئاسمانێکی ڕووندا

مەلێک
دوای چەند هەورێکی بەختەوەر کەوتبوو
کە بە درێژایی ڕێگادا دەتریقانەوە و پێدەکەنین
مەلێک جریکاندنی
خەراپە بەشداریکردن لە بەختەوەری
ئاه من حەز لە باوەشکردنی گیانی
گەرمی ڕووناکی و ناسکی تاریکیش دەکەم
ئەی ئەو کەسەی ناوت بەیانە
دوور نییە ماسی بیت
یان دار سێو
با لە خوار قاچە ڕووناکەکانتەوە





سەیرت بکەم
سەیری ئەو شوێنەی کە
قاچەکانت لێی کۆتایی دێت
ئەو شوێنەی بە شەو لە مۆمێکی داگیرساو دەچێت
بە ڕۆژیش لە مراوییەکی ڕەش

تۆ لە کوێیت
لە بەر تاقی کڵێسە
یان لە سەر منارەی مزگەوت
یان لە سەر دیواری قەڵای جادووگەرانی
لە هەر کوێ بیت
دێم و لەبەر ڕووناکیت دادەنیشم
لەگەڵ مەلی بوونتدا هەڵدەفڕم
ماچێکی بەکامی دڵ بووم
ئەوە کلیلی ساردی دەرگای ژوورەکەم
فڕێ دەدەم
ئەوەش دوا کتێبی سەر ڕەفەکەم
کە چیتر نایخوێنمەوە





## خەمی گۆشەیەکی تاریک

هەورەکان برین و کێمی قاچی ئاسمانن
بە گەڵای درەختەکان دەیسڕییەوە
بۆڵە ترێی ڕەشی قەد دارمێوەکانی
بەر بارانی پایز
دوا تنۆکە بارانیان لێ دەچۆڕێ
خۆریش وەک چۆلەکەیەک
بە دزییەوە دوا تنۆکە ئاوی
ناو چاڵە ئاوەکەی دەخواردەوە

نەمزانی کە زەوی دەسوورێ
کوڕێکی پێست مسییە
لە کچی ئاسمان دەگەڕێ
یان زەوی کچێکی قژ سەوزی لە هۆشخۆ چووە
ئاسمان وەک کوڕێکی ساوا
لە سەر ئەژنۆ دانیشتووە و بۆی هەراسانە
سەگەکان دوور لە ئارەزووی من
وەک هەرشتێک
چۆن ڕیشم دێ
چۆنیش نینۆکەکانم درێژ دەبن
ئەوانیش دەوەڕن و ڕێگا دەدۆزنەوە





لە بەر ئەوەی بەختەوەری ڕەنگی فافۆنی هەبوو
ڕۆژێک وەک کراسێک لە بەرم کرد
ڕۆژێکیش قاپیلکەیەک بوو
ئەو کات پیرێژنێک شۆربای تێدا دەخوارد

ئێستا مردووە
هەڵم گرت و فڕێم دایە سەر زبڵخانەیەک
لە بەر ئەوە قاچەکانت ماچ دەکەم
لە بەر پێڵاوەکانم پیاسە بە سەر زەویدا دەکەم
لە بەر زگم نان دەخۆم
ئەی پشیلەی ناو قەد بڕاوم
هەموو شەوێک ماڵئاوایی لەو شەوانە دەکەی
کە چۆن چاوە شینەکانت تێیدا دەبریسکانەوە
یان چڕنووکت لە هاوەڵەکانی خۆت دەگرت
ماڵئاواییەک
کە گوڵی دەستی ڕاستم لە تۆی دەکات
لە سەر خۆڵی گۆڕی گیانم دەژاکێ و دەمرێ





## ئیلڤیس پرێسلی

منی پەمەیی و مێشە خۆڵەمێشییەکان
لە یەک پیاڵەدا مەی دەخۆینەوە
کە من بێم
ئەوان دەفڕن
کە ئەوان دێن
من دەڕۆم

ئا گیانی گیانە پاکەکەم
ئاسمان پەردەی ڕۆحی مردووەکانمانە
بە سەرماندا دادراوەتەوە
هەموو ڕۆژێ پێ بە سەر جەستەی
مردووەکاندا دەنێین و بە سەریاندا باز دەدەین
ئای بۆ هێلانەیەک لە ئاسماندا
چۆن بە سەر زەویدا بڕۆم
نەشتوانم ڕوو لە ئاسمان وەربگێڕم
لە ئاسمان زیزنیم و ناشتوانم زەوی جێ بهێڵم





من و مێشە پەمەییەکان
لەگەڵ شەیتانی ڕەنگاوڕەنگی ڕۆح سپی
لە یەک پیاڵەدا دەخۆینەوە
گێژ و مەست دەسووڕێینەوە
بە ماچێک دێمەوە سەر سەما
ئاراستەیەک وەردەگرم

دەترسێم تۆ نەبی و خۆشەویستم ڕوو لە خودا کات
ڕوو لە بەرد و ڕوو لە خۆمیش
دەترسێم لە جیاتی تۆ
بەرد و چنگێک خۆڵ و ملوانکەیەک لە باوەش بگرم
ماچی دیوارێک بکەم و ڕووشم لە ئاو و ئاسن
لە هەمان پیاڵە من و گوڵی ناو گوڵدانەکەم
لەگەڵ مێشەکاندا دەخۆینەوە
بەشی تۆ ئەی هاوڕێیەکەم
ئیلڤیس پرێسلی دەهێڵمەوە





## تەماشایەکانی مانگەشەو

ئەمشەو
بە سەر مانگی گیانە زەردەکەی مندا
ئەستێرەکان هەڵدەگژێن و لە شینایی ڕۆحم دەدەن و تەڕ نابن

ئەمشەو

مانگ سەتڵێکی پڕتەقاڵی شیلانەیە

بە ناو ئاسماندا ئەستێرە دەبەخشێتەوە

ئەمشەو

مانگ باوە نوئێلە و کراسە سوورەکەی منی لەبەر کردووە

لە تاقی ئاسمانەوە تۆپڵە بەفر دەگرێتە زەوی





ئەمشەو

مانگ گێزەرێکی لاسک سەوزە

شەویش کەروێشکێکی چاو وەنەوشەیی دەم بزێوە

ئەمشەو

مانگی گیانم تا بەرە بەیان

دەست لە ملی ئەستێرەکان دەنێت

هەموو خەومان لێ دەکەوێ

ئەمشەو
مانگ وەک من
سەر زگی هەموو پەڵەی ڕەش بوو
چاوە سەوزەکانیشی پڕ بوون لە ئاو

ئەمشەو
مانگ سپی هەڵدەگەڕێ
بۆ تاوێکیش
وەک تۆ پێدەکەنێ و بەهێمنی ڕەت دەبێت





# شەهید

کاتێ مەلی چاوەکانم
ڕووەو ئاسمان دەبنەوە
مانگەشەو بە ئەسپاییەوە دێ
لە کەناری چاوەکانمدا
گۆڕەوی پووزەوانەکانی دەشواتەوە
ڕەخت و فیشەکدانەکەی دەکاتە بالیفی خەون لەسەر بینین
پاڵتۆ سەوزەکەشی ڕادەخات
بۆ تاوێک
قاچە زەردە باریکەکانی
دەخزێنێتە ژێر پێڵووی چاوەکانم و ڕادەکشێت

# بەهار

سبەی بەهارە
گوێم لە ترپەی پێی گوڵەکانت دەبێ
خاکی لاوی جەرگسووتاوم
قۆپچەی یەخەی دەکاتەوە و سینگی والا دەکات
هەموو بەهارێک دێی
لەگەڵ خاک دەسووتێنرێیت
ئاه بۆ هێندە لاسارە خاکی من
چۆن چاوەڕێی تۆ دەکات
ئاه چەند چاو قایمە گوڵی سووری هێز و وەفا
چۆن بۆ ژوانگە دێ





# شتەکانی لیلیا

شەو دار پڕتەقاڵی بوو
بەرەبەیانیش ئەو جادەیەی کە پڕە لەو پڕتەقاڵانەی
ئاوی باران بەری دابوونەوە
من دەڕۆیشتم
مانگایەکی زەردی چاو پڕ لە ئاوم
بە پێش خۆم دەدا
لیلیاش
پڕتەقاڵەکانی سەر شۆستەکانی کۆ دەکردەوە

کۆترە سپییەکەی لە تۆی دەکرد
لە ناو قەفەسێکم هەڵگرتبوو
کە سەیرم دەکرد غەمگین بوو
وتم ئەگەر بەرەڵای بکەم نارِوا





چۆلەکەیەک
لە باخی خوا گەنم دەدزێ
لە زەویش ئاو
لە من خۆشەویستی
ئەو ڕۆژە داوەڵە سوورەکەی دڵ هات
پێی وتم دەنووکی لیلیا
چاوی هەڵکۆڵین
لیلیا لە ژیان ژین دەدزێ
لە من خۆشەویستی و لە خوداش گەنم

بەرەبەیانییەک
هێلکەیەکی سپی بەربووەوە
دڵی من و دوو ئێسک بوو
پێش ئەوەی لیلیا بمبات
پشیلە زەردەکەی زەوی
پڕی دامێ و بردمی



سورخی (٥)



شەو
وەک ئاسنگەرێکی ماندوو
دڵی سووری زەوی دەکوتا
بەرەبەیان
ڕووبارێکی ملوانکەییی
لە ملی لیلیا کرد

پەڕەسێلکەیەک
خەڵکی ئێوارە بوو
ماڵی لە گیای سەوزی بەهار بوو
جارێک پێی وتم
ئەگەر ئەمجارەش لیلیا خۆشتی نەوێ
ئەوە لەم کۆچەمدا
بەچکەیەکی خۆمی بۆ بەجێدێڵم





تەمەنی لیلیا
کانییەکی ساوایە
شەوان مانگ وەک بووکە شووشەیەک
توند توند لە باوەشی دەگرێ
خەوی لێ دەکەوێت

جارێک بەردێکم لە چاوی مانگ گرت
لینجاوێکی سپی بەربووەوە
ئەو ڕۆژەش
دارێکم لە گیانی خۆردا
پەڕە زیوینەکانیم بۆ لیلیا کۆکردەوە

من و لیلیا
دوو چۆلەکەی سەرچڵێکین
کۆلارەی منداڵێک لێمان نزیک دەبێتەوە
من و لیلیاش هێلانەکەمان بەجێ دێڵین





وڵات سێوێک بوو
من و لیلیا
بە دەم بزەوە خواردمان

لیلیا باڵای بارانە
فرمێسکی دووچاوی سەوزی زەوییە
لە دڵی لیلیادا پرووشکی سپی دەپڕژا
من و خۆریش
لە دەلاقەی دیواری ئاسمانمان دەخزان

لە تەمەنی لیلیا

ڕۆژم پاشەکەوت و شەوم پڕ لە وردە تیشک کرد

ئەو شەوە

گۆزەی تاریکیم شکاند

گشت تەمەنی لیلیام دەرهێنا

بۆ کچۆڵەی ئاسمان پێنچ بازن

بۆ کوڕە چەقاوە سووەکەی زەوی

چاکەتێکی سەوز

بۆ لیلیاش

سێوە لاسوورەیەکم کڕی





# هەتیو

دایە

گەواڵەی گیانت مەلێکی ئەفسووناوییە

سمۆرە ئاسا لووتکەکان

بۆ مەلی چاوەکانم دێنێت

لە بێئاگایی تۆ

زەمەن مارێکی سەوزە

بە هێلانەکەم هەڵدەگژێ

سبەی کەنایەیت

هەندێک لە پەڕەکانم ئاو دەیبا

هەندێکیش بە هێلانەکەوە دەمێنێتەوە

# مانەوە

نەورۆزی قژ زەرد
سبەی بەهار بەرەو ژوانگەی من  دێی
چارۆگەی پڕ لە گوڵزار و نێرگزە جاڕی کۆشت
لە سەر گەرمایی دەست و لە سەر
کوێستانی چاوەکانم هەڵدەڕێژێ
ئەی کچی دەست و مەچەک پڕ لە خڕخاڵ





گەواڵە دەسرۆکەی یادگاری
ملوانکە ساکارەکەی ملت
بە ملی لووتکەمدا هەڵدەواسی
هەموو ساڵێک وەک پەیمانێکی دێرین دێیت
لەسەر گڵکۆم دادەنیشی
جۆگەلەی بریسکەدار و ئاوێنەکەی باخەڵت
لە ژوور سەرم جێدێڵی

هەموو ساڵێک
ناڕۆی تا پێکەوە نەسووتێین
هەموو بەهارێک دەمانسووتێنن
هەموو ساڵێک
من هەر ئەو خاکەم
لەسەر خۆشەویستی بەهار دەسووتێنرێم
بەهاریش ئەو سەوزاییەیە
لە سەر منی خاکی ئەو هەڵدەپڕووکێنرێ
هەموو ساڵێک دوای سووتان





لە دەستەکانی تۆ تۆزێ خوێن دەتکێ
لە ناوچەوانی منیش ڕەشاییەک بادەهێنێت
هەموو ساڵێک
تۆ هەر ئەو کچەی
منیش هەر ئەو کوڕەم
من هەر ئەو خاکەم

تۆش هەر ئەو بەهارەی
هەموو جارێک دوای سووتان و لە ناوچوون
دیسانەوە
وەک دوو گیان و
دوو پەپوولە و
دوو فریشتە
بۆ باوەشی ئاسمان و بۆ ناو دەریا و بۆ سەر زەوی
وەک دوو دەزگیران
بۆ سەر گڵکۆ و بۆ ژوانگە دەگەڕێنەوە





# شوانە

کە لە ماڵ نەبووی
خۆر هات و لە دەلاقەکانەوە مۆمی بۆ هاویشتین
لە کەرتە ئاوێنەکەی سەر گۆڕە بچکۆلانەکە
لە سیمای خۆی ڕادەما
وەک تۆ ئەسمەر بوو
خێرا گوڵە وەنەوشەکانی
ژێر دەرختە گەورەکەی چنی
لەودیو تەپۆڵکەکە لێمان ون بوو

ئاه شوانە
ئەگەر ئەم جارە خۆربێتەوە
پێی دەڵێم
قوتیلەیەک پۆدرەی منداڵانم بۆبێنێت
من دەمەوێ
ژێر باڵی زەوی پۆدرەکەم
تۆ تۆپەڵە بەفرم تێ بگری
منیش پۆدرەت پێدا بکەم





# وێنەی دڵ

دوو منداڵ بووین
تۆ بە چەترە شکاوەکەی دەستت
منیش بە ئەسپە دارینەکەم
لە ژێر چەترەکەتدا باران لێی داین
بارانی درۆینە
لەسەر  دیوارەکاندا بە خواروخێچی
وێنەی دڵمان دەکێشا
ئەو کاتەی کە لەگەڵ تۆ بووم
لە تاریکایی دەترسام
ئێستا دوور لە تۆ
لە ڕووناکی دەترسێم
ئێستا و ئەوساش
وێنەی دڵمان بەڕێکی بۆ نەکێشرا

# پەنجەی درەخت

پەنجە سەوزەکانی درەخت
لە سەر پەڕە شینەکەی ئاسمان
تابلۆی تۆی دەکێشا
لەگەڵ زەردەپەڕدا
قژە برۆنزییەکەی تەواو کرد



سورخی (٦)



بەفر باری
قژت هەموو بوو بە بەفر
باران باری
ڕەنگی قژتی تێکەڵ بە سیمات کرد
ئەی یولیای ئێوارە
بەیانی کە بەخەبەر هاتمەوە
دەستی درەختەکەیان بڕیبوو
وێنەکەشت کەوتبووە ناو ئاو

# نینا

نینای نەمام لەگەڵ درەختی بوونمدا دەشنێتەوە
نیگای لە ناو سەوزاییمدا ئاوادەبێت
لە پشت ماڵە ساکارەکان هەڵدەنیشێتەوە
نینای سمۆرە
منی درەختی کردووە بە هێلانە
بۆ خۆری باڵای





کردوومی بەزەوی و بە سەرمەوە دێت و دەڕوا
نینای چۆلەکە کاتێ دەڕۆی
بۆ گوێسەوانەی گیان پەڕەکانت بەجێ بێڵە
ئەی نینای ڕۆح
دەڕۆی بەجێم دێڵی
هەر چڵێک لە من بشکێ تۆی پێ گەورە دەبێت
من دەمرم و تۆ دەژییێی
من بچووکتر دەبم و تۆ گەورە و گەورەتر

# دایک

دەبینم چرکەکانی کات
بەدواتدا دێن
خەم و ماتەمیش
دوو پیاوی کورتە باڵان
لە گەڵیاندا ئاشنابوویت و لێت جیانابنەوە
لە دووریمدا کەس سڵت لێ ناکاتەوە





بای دزێوی ئێوارە
شتەکانی ناو دەستت دەفڕێنێ
لە کەمتەرخەمیتدا پێداویستییەکانی ژیانت لەبیرکردووە
هەستەکانت کز بوون
شتەکان لێک جیاناکەیتەوە
یاساکان وەک خۆیانن
شتەکانیش کۆن ئاسان

تۆ وا زوو  سیماکانت لە بیرکردن
دەنگەکانت لێ گۆڕا
ئەی ئافرەتە بێ کەسەکە
تەنیا جارێک دیم شادی لە نیوە شەودا
بە دەم زەردەخەنەوە لێت نزیک بووەوە





ئیتر نەمدی
نەگەڕایەوە
تەمەن دەڕوا و دووریت هەر دەمێنێتەوە
کاتەکانی منداڵی
ساتەکانی ساکاری
ژمارەی پەنجەکانی دەستت
چ دەیانگەڕێنێتەوە
نا حەزناکەی هێندە ئاڵۆزبم
ئاخر تۆ فێرت نەکردووم هێندە دڵڕەق بم
چیتر ناتوانم بە هێز بم
بۆچوونەکانم زۆر ڕەنگیان دا
بڕوا پۆڵایینەکانم خواریان هێنا
هێندەش کەللە ڕەق نیم
لە کەلی شەیتان نەیەمە خوارەوە

ئاه دایە
ئەو کەسەی منی لێت دوورخستەوە
ئەویش جارێک هەستی دەجووڵێ و بیردەکاتەوە
کێ بێ بۆ لای تۆم بگەڕێنێتەوە
ئای
ئەمشەو بۆ تۆ و بۆ دوژمنەکەشم
هەر کەسێ بیەوێ
هەر کەسێ حەز بکات
بۆ هەمووتان گریام





نا
دایە
نا
من لە نیگای چۆلەکەیەک سڵ دەکەمەوە
چۆن لە دووری گیانی تۆ ناپرینگێمەوە
شەوان مانگ مراوییەکی مل سەوزە
گوڵێکی سوور لە ڕووباری شەو دەگوازێتەوە
ئەوە منم

با دوا ساتەکانی گیانی خوێناویم
لە باوەشتدا لە دەست بدەم
یان خۆت بە ملمدا هەڵواسە
با لەگەڵ خۆمدا بتبەم
لەم دنیایەدا متمانە بە کەس ناکەم
بۆ تۆی بەجێ بێڵم





## شوێن و کات وەک دوو فریشتە

چاوەکانم دوو کرمی مەیلەو سووری ناو لیتاون
کە دەڕۆن لینجاوێکی زەرد بەجێ دێڵن
لە پێیەکان دەترسم بمشێلن
لە ڕووناکی هەڵدێم
دەخزێمە تاریکایی

من تا دوێنێ هێندە سەیری خۆرم دەکرد
خەریک بوو کوێر ببم
درەختەکانم ماچ دەکرد
لە کانییەکی دوور ئاوم دەخواردەوە
ئەو کات ئەوم لەگەڵدا بوو
بەڵام ئێستا
تەنیا کرمێکی مەیلەو سووری
بێ مانای ناو لیتاوم





جاران خۆشەویستەکەم
دەستەخوشکی خوشکەکەم بوو
سیمایم لە ناو چاوی مانگدا دەبینی
بە دوای پەپوولەیەک غارم دەدا کە ئەو بوو
ئێستا سەیری هەر کوێیەک دەکەم نایبینم

بزر بوو
ئاه کوا مردن
مردن لە پشت دیوارەکاندا
قاچە سەوزەکانی دەشوا
ئەو کات مردن لێمەوە دوور بوو

ئێستا مردن لە نزیکەوە دەبینم
کە لەگەڵ ئەو بووم
سێوەکەی بەهەشت سیمای ئەو بوو
بەختەوەر بووم
ئێستا کرمێکم و گرانایی گیانم
بۆ تاریکایی کێش دەکەم





مەرگ دێ
هەموو ڕۆژێک مەرگ دەبینم
پێم پێدەکەنێ
من ئەو کات دەمویست ڕۆحی تۆ ببەم
کە دڵدار بووی
ئەی کرمی ئازیز بژی
ئەم دنیایەم پێشکێشی تۆ کردووە

ئێستا شوێن و کات
دوو فریشتەی خودایەکن
هەموو ڕۆژێ پرسیارم لێ دەکەن
ئایا خۆشەویستەکەت لە خودا دەترسا
پاک بوو یان نا
دەمترسێنن
دەڵێن ئازاری دەدەین
ئەی خودایە
دەگریم
لە تارمایی و لە سیمای خۆم هەڵدێم






هێڵە ڕەشەکانی شەو
ڕوخساری ڕووناکییان داپۆشت
ڕووناکی منداڵێکی مردووە
تۆم دەبینی
شیری مەمکەکانت بە مردوویەکی ناو گۆڕێک دەدا
ئەو مردووەی کە تێر شیری نیدۆی نەخواردبوو

پۆلە پەرییەک
لە ناو گالیسکەیەکی زیویندا
شیراویان بۆ بەهەشت دەبرد
لە پێکەنیندا دەتریقانەوە
مردووەکانی بەهەشتیان شادمان دەکرد
وێنەی ئەڤیندارەکانیان لە گیرفاندا بوو





ئەوانەی دۆزەخیش
تاڵە قژی خۆشەویستەکانیان لەگەڵدا بوو
تاوانیشیان ماچکردنی قاچی خۆشەویستەکانیان بوو

ئەوانەی بەهەشتیش
دەستی گڕاوییەکانیان ڕاموسساندبوو
کە دەتویست دەستت
لەسەر قژی مردوویەک هەڵگریت و بێیتە لام
مردوویەکی تر دەگریا
چونکە ناو چاو ماچ ناکرێ
دەمەوێ من بە ڕووتی چاوەکانت ماچ بکەم





ئەمە چاوێکە لە ناخم یاخی بووە
ئەمەش ڕێزە ددانێکە لە خاکی سینگمدا شین بوونە

لە چەرخی بۆری سێیەمدا بوو

تەرمی خۆم بەرەو ئاوەدانییەکی پێنج ماڵی دەئاژووا

ئەو دەم بەختەوەری کەم بوو

ئازاریش کەمتر

ئەو دەم خۆشەویستەکەم وێنەی نەبوو

مردنیش بێ کفن بوو

کاتێ مردم

تۆم لەگەڵدا بووی

نەدۆزەخم دی

نە بۆ بەهەشتیان بردم





ئێستا بەختەوەری زۆرە

ژانیش زۆرتر

هەمووومان لە ناو کەشتییەکی ترسناک و گەورەداین

بەرەو دۆزەخمان دەبەن

پیاوەکان قاتیان لەبەردایە

ژنەکانیش جلی بووکێنی

دکتۆرەکان پێدەکەنین

پۆلیسێک بەدار جگەرەکەی

ددانەکانی پاک دەکردەوە

ئەو چۆلەکانەی لە بەهەشتەوە دێن
بە دامێنی کراسە شینەکەی بەرتدا هەڵدەگژێن
بە دەم جریوەوە
فرمێسکەکانت دەخۆنەوە





لە پشت زەردەپەڕدا
تۆ دیاری
بە چڵێک ئاوەڕۆی جۆگەلەیەک دەگۆڕی
بە سەتڵێکیش ئاو
بۆ دارهەنارێکی کێویلە دەبەی

بە ناو گەواڵەیەکی پڕ لە کۆتردا
خۆر بە سەر شانی کۆترێکەوەیە
بەرەو هێلانەکەی دەبا
کە گەواڵەکە دادەکات
کۆترەکان بێ ماڵ دەمێننەوە
ئێسکەکانیان دەبێ بە دارە گوڵی ئاسمان
خۆشەویستەکەم
کە تۆ بێی
نە گەواڵە دەبێ بە گۆڕستان
نە گوڵ لە ئاسمان دەڕوێ
نە کەس خۆر بۆ ماڵی خۆی دەبا





## ئەسپ

گەواڵەیەک هات
لە گۆڕەپانی شەڕ دەچوو
بە ئاسمانییەوە دەیان ئاڵا بەرز ببووەوە
ئاڵای سوور و سپی
لە پڕ ئەسپێک لە گۆڕەپانەکە هاتە دەرەوە
لە گوێیەکی خوێن دەچۆڕا
ئەسپێک سەیری دەکردم و دەستەکانی بڕابوون
هەورەکەش گەورەتر دەبوو
ئەسپێکی تر بە تاو بۆم هات
گیانی شەلاڵی ئاو بوو

ئاه هەورەکە نزیکتر ببەوە
جەنگاوەرێک شمشێرەکەی فڕێدا و هەڵهات
هات و خزایە ناو جێگەکەم
بەیانی کە بەخەبەر هاتمەوە
جێگاکەم گشتی تەڕ ببوو
تەرمی جەنگاوەرەکەشیان برد





# برسی بوونی زەوی

گەڵای درەختەکە مێرووڵەی ڕەش دەیخوا
باش گەڵاکانی تر هەڵدەوەرێنێ
درەختەکە ڕووت دەبێتەوە
وەک تۆ لاواز دێتە پێش چاو
وەک پەنجەرە
وەک ئاوێنە دەشکێ

زەویش منداڵێکی برسییە و گەڵا وەریوەکان دەخوات
ئەمە چ یاسایەکە پیرێژنەکەم ڤیکتۆریا
چۆن دوو پرتەقاڵ
یان نێوان دوو سێو دەپێورێ
ڕێگا چۆن لە لیمۆی زەرد دروست دەکرێ





# گوڵ و باڵ

گوڵێک کە هەر پەڕێکی ڕەنگ و بۆنێک
لە هۆشخۆ چوو
بە پەنجە سەوزەکانی ڕۆژەکانی دەژمارد
وەک کچێکی بێ ناز
ئەو ڕۆژانەی یاد دەکردەوە
چۆن پەپوولەیەکی چکۆلە
بە باڵەکانی خێرا
سینگە چکۆلەکەیان دەکوتا
هەندێ جار
پەپوولەکە لە ناو ئامێزی سووری گوڵەکە ون دەبوو
هەندێ جاریش
گوڵەکە لە ناو باڵە سپییەکانی پەپوولەکە

# پەپوولەی ڕوخسار

له باوەشتدا خۆر بەچکە پشیلەیەکی زەرد بوو
لەو پەنجەرەیەی کە شەو دانەخرا
دەرپەڕی و چووە بن تاقی ئاسمانەوە
هەڵفڕیم
وەک کۆترێکی سپی
کە لە خۆر نزیک دەبوومەوە
چڕنووکی لێدەدام و بەردەبوومەوە
تۆشم دەدی لە دەستەکانتدا
قاپێک کە شیری لێ دەڕژا بۆ خۆرت درێژ دەکرد
بانگت دەکرد و دەگریای
ئەگەر پەپوولە دەبووم





لە نزیکتەوە هەڵدەفڕیم
نە باران
نە خاک
نە دەستی منداڵانیش
لە تۆیان جیادەکردمەوە
ئەگەر پەپوولە دەبووم
نە هێرشی ئەو چۆلەکانەی سیمایان تووڕە و پڕ هەرایە

نە ئەو جاڵجاڵۆکەیەی تەونەکەی
بۆ کرمی ئاوریشم هەڵدەخات
نە ئەو قرژاڵەی پەپوولە دەگرێ
دەیانتوانی لە تۆم دوورخەنەوە
بە دەورتدا دەهاتم و لەگەڵتدا دەبووم
تۆ گوڵێک لە ڕوخسارتدا ڕووا
من لە باوەشی ئەو گوڵەدا
بووم بەپەپوولەیەکی بن باڵ سێبەر و هەتاو





# بەجێهێشتن

کاتێ ڕۆیشتین
زەوی وەک دایکێک کۆرپەکەی بە باوەشەوە بوو
مەلەکانیش زنجیرێکی سووک بوون بە ملی خۆرەوە
خۆر سوور خۆی دەنواند
زەردەپەڕیش لەگەڵ درەختدا
وەک هێلانەی کۆترێک تێکەڵ ببوو

بە درێژایی ڕێگادا
سیمات جووتێ هێلکەی سپی بوون
دڵم کۆترێکی هەڵنیشتوو
هەر چەند لە خۆشەویستیت قووڵ دەبمەوە
لە ناخمدا دەبین بە دوو کۆتری سەربالّ ڕەش و سپی
تا دێی لە بیرمدا بەرزتر هەڵدەفڕین
دوور لە چاوان
دوور لە دەست
دوور لە قەفەسەکەی سەر زەوی





## مه هاباد

خەوتووی
هەناسەی کۆترە بچکۆلانەکەی سینگت
خەریکە وردە پڕووشەکانی هیوای زیوین
بە سەر شەودا دەبەخشێتەوە

نووستووی وەک ئەو جۆگەلەیەی
کە ئێواران کەو و سوێسکە و ئاسک ئاوی لێ دەخۆنەوە

چ شەوێکی کپە
ماسییە وردیلەکانی ناخیشت
ئاو بۆ ژێر چەوە ڕەنگینەکانی ناخت دەگوێزنەوە

خەوتووی و بە دەم بزەوە
جارجار هەنسک دەدەی
دەڵێی چپەی ئەو کۆترانەی
کە شەوان لە ناو دارخورما بەرزەکاندا
وەنەوز دەدەن

دنیا تاریکە مەهاباد
هێشتان شەو هەر ماندووە
تۆش هەر وای لە خەودا
ئاشنای شتەکان دەبیت





## پەیکەری مریەم

سێوەکەی دڵم
کرد بە دوو کەرتەوە
کەرتێکی کرمی تێدا بوو
لە سەر بالیفە سەوزەکەم دانا
کەرتەکەی ترم بۆ هەردووکمان سپی کرد
گەرما بوو
چۆلەکەیەک پێی وتین
زۆر مەخۆن گەدەتان دێشێت
شەویش وەرنە لای من جێگەتان دەبێتەوە
ئاه خۆشەویستەکەم

ئەگەر کچمان بوو ناوی دەنێین دڵ
ئێوارانیش لەگەڵ ئەستێرەکان
دەڕۆین بۆ کڵێسەی مانگ
نوێژ بۆ خودا دەکەین
هەر جارێکیش سێ مۆم
سێ مۆمی بچکۆلانەی ڕەنگاوڕەنگ
بۆ پەیکەرەکەی مریەم هەڵدەکەین





## وێنە هەڵواسراوەکان

ئێوارە بوو
هەموو دەگەڕاینەوە
بزمارەکان لە گیرفانمدا خڕەیان دەهات
لە مێشکمدا وێنەی زۆر شت
بە هەڵواسراوی مابوونەوە
دەڕۆیشتم و هەستم بە زیاد بوون دەکرد
جارێ سنجاقێکم لە سەر ڕێگادا دۆزییەوە
جارێکی تر تەوقە و قردێلەیەک

ئێوارە تەواو دەبێت
من لە ناو پەڕۆ دام و هەر زیاد دەکەم
ئەی ئافرەتە قژ کورتەکە
لە بیرتە پێکەوە بووین
بەفر دەباری
منیش بەفری سەر قژتم دەدزی





## گفتوگۆ لەگەڵ سێودا

ئەی سێوەکە
ناتەوێ لە باوەشی درەختە نزمەکاندا بمێنیتەوە
لە پەیڤی دەستە خوشکەکانت
لە گەڵای چڵە باریکەکان
لە هێلانەی تاقە کۆترەکەش بێزار بووی
حەز ناکەی چیتر لە نێوان پەنجەی گەڵاکانەوە
شەوان ئەستێرەکان سەرنج بدەن

یان بەیانیان
خۆر وەک مێرمنداڵێک تیشکی ئاوێنە شکاوەکەی
لە تۆ بگرێ
بێزار بووی
لە لیکاوەکەی دەمی پیاوە فێگرتووەکەی زەوی
ئەمڕۆ سمۆرەیەکی دز





پێی وتم
چۆلەکەی گێل
دەستە بە نرخەکانی باخەوان
زەرتەکە سیما ئاسنینەکان
سێو ئازار دەدەن
گیانلەبەرێکی تر هات و لە نزیکەوە هێلانەی دانا
ئای سێوەکە
وەرە بۆ ناو باوەشی قوڕاوی من بەربەوە
من کە هیچ قسەت لەگەڵ ناکەم
ناهێڵم دەنگی بەرزی مۆسیقاکەشم ئازارت بدات
ئاه
تارمایی دێت و دەمانخوات

# ئاژاوەی ناخ

پۆلە مەلێک هاتن
جریوەیان نایەوە و ئاژاوەیان خستە ناخت
کارین یاری بە بووکە شووشەکەی دەکات
خۆر ماڵی دیوار بەجێ دێڵێ
خۆڵ لە جێی خۆی کۆن دەبێ
بە ناو گەڕەکێکی پڕ لە جۆگەلەدا یولیا دەبەن
ئەمیش پەنجەی خۆی دەگەزێ و بۆ پارە دەگری
کۆمەڵێک چوونە ڕاوە ماسی
شەلێک لە مێژ بوو چاوەکانی خۆی لە دەستدا بوو





تۆ گریای
کاغەزێک تەڕ بوو
گوڵێک و پەڕی چۆلەکەیەک ئاو بردی
کۆترێک پەڕی چۆلەکەکە بۆ هێلانەی خۆی دەبا

تۆ دەگریێی
هێدی هێدی زەوی چاڵایی تێ دەکەوێ
چاوساغێکی سیاسی
دەستی مێژووی بەستەزمان دەگرێ
لە جادەی دەپەڕێنێتەوە
منداڵێک دەیەوێت  لەگەڵ بارانی چاوت یاری بکات





بۆ نەء
خۆ تۆ هەر دەگریێی
دەگریێ و گریانت درێژ دەکەیتەوە
درەختەکان ئاو دەیانشواتەوە
مەلێک دایکانە هێلانەکەی لە باوەش دەگرێ
باوکم لە ڕۆژێکی وادا
بەبێ ئەوەی بزانێ بۆ خەم دەخوا
منیش ئاو دەمبات
تۆ گریا بووی
کوێرەکە بارانی دیبوو
لە سەفەر دەگەڕایەوە
ڕاوکەرە شێتەکان بەرە و ماڵ ڕایان کرد بوو

# لەدوا گەڕان

بەختەوەری لە سەر کاغەزێکی سپیدا بوو
کە من دەگریم
شتە شکاوەکان لێم تێ دەپەڕن
گیانم بەجێ دێڵن
ڕوو لە خۆم وەردەگێڕم
هێشتان ئاسمان سەیرم دەکات
خوێنم دادەچۆڕا
ئەی هاوڕێیە زیندووەکەم
خوێنی من و
تۆم کرد بە گۆڕستان
ئەوە تەرمی من و
تەرمی بۆق و
قەوزە و
وردە چەو
ئەوان دۆستی منن
ئیمڕۆ خۆڵ دایکی منە
بست بست لە دوام دەگەڕێ





ئینجا زانیم دایکم لە ناو گوڵدانەکەدا خۆی دەڕوێنێتەوە
هەڵدێم و لە ناو چاڵێکی قووڵدا خۆم دەشارمەوە
دوو جۆگەلە ئاو بە چاوەکانی زەویدا دێنە خوارێ

# ژیانی چۆلەکە

چۆلەکەیەک
دوو چاوی قاوەیی
ژێر باڵەکانی بۆنی خۆریان لێ دەهات

چۆلەکەیەک
دەنووکی زەرد
گەرووی بۆنی بارانی لێ دەهات





چۆلەکەیەک
دڵی وەک باخ
جریوەی پێکەنینی منداڵان بوو

چۆلەکەیەک
حەزی لە گۆرانی ناو دەوەن
خواردنی چەوی کەنار بوو

چۆلەکەیەک
دەزووی گەڵایەکی سەوز
بە قاچەکانیەوە ئاڵا بوو





چۆلەکەیەک
گەڵایەکیان بۆ کرد بە کێل
لەسەری نووسرا
چەوی کەناری دزیوە
پیرە داری لە خەو کردووە

چۆلەکەیەک
چیتر نە بۆ دزی دەچوو
نە گۆرانی دەوت





چۆلەکەیەک
نە دەنووکی زەرد
نە چاوەکانی قاوەیی بوو

چۆلەکەیەک
بای بۆ باڵەکانی خۆی بانگ دەکرد
گەرووی بۆنی بارانی لێ دەهات

# خەولێکەوتنی گەڵا

درەختە ساکارەکە
هەموو ئێوارەیەک دێیت
ڕوخساری زەرد و شەرمنت
لە ناو بەرگی سەوزی زەوی دەشارییەوە
گەڵا جگەرگۆشەکانت فێر کردووە
لە سەر باسکی خۆت خەویان لێ بکەوێ





ئاخ درەختەکە
هەموو ئێوارانێ
دوای ئەرکەکانی ماڵەوە
دەخزێیتە ژوورە تاریکەکەت
دەرگا لە سەر خۆت دادەخەی
هەموو ئێوارانێ
لە پەنجەرەکانی دڵتەوە

کز کز تیشکی چرا نەوتییەکان
بەرز دەبنەوە
بەیانیانیش چۆلەکەکان
هێلانەکەی دڵت پاک دەکەنەوە

ئاخ درەختەکە
ئەو ڕۆژە
لەسەر قەبران دەگەڕایتەوە
خۆر لە قەڵادۆشکانت بوو
منداڵێکی هار و هاج
بەردی لە باڵات گرت
تۆ چەند دڵنەرم و بەخشندە
هیچ دەنگت نەکرد و سۆز و بەزەیشت بەرز بووەوە





تێبینی:
ئەم کۆشیعرە ساڵی ١٩٩٣ لە سوێددا چاپ کراوە، هەندرێن پێشەکی بۆ نووسیوە. لە چاپی یەکەمدا ناونیشانم بۆ بەشێکی شیعرەکان دانەنابوو. لەم چاپە ناونیشانم بۆ داناون و تەنکە دەستکارییەکم کردوون. لەبەر ئەم نیمچە گۆڕانکارییە نەدەگونجا پێشەکییەکە دووبارە بکەمەوە، بەڵام پێشەکییەکە وەک بابەتێکی سەربەخۆ لە ژمارە ١١٥ی گۆڤاری ڕامان بڵاوکراوەتەوە.

سورخی

## پێڕست


بەیان ..... 5
لیسا ..... 6
تەمەن ..... 7
چەند حاڵەتێکی گەواڵەکان ..... 9
تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ ..... 14
یولیا ..... 24
ماردین ..... 28
ماسی ..... 29
شێرە بەفرینە ..... 31
یاری ئەستێرە ..... 37
گیان شاردنەوە ..... 38
ئاو وەک هەموو شتێک ..... 40
دابەشکردن ..... 42
نیشتنەوەی کۆترێک ..... 44
خەمی گۆشەیەکی تاریک ..... 48
ئیلڤیس پرێسلی ..... 52
تەماشایەکانی مانگەشەو ..... 56
شەهید ..... 60
بەهار ..... 61
شتەکانی لیلیا ..... 62
هەتیو ..... 72
مانەوە ..... 73
شوانە ..... 78





وێنەی دل ..... 80
پەنجەی درەخت ..... 81
نینا ..... 83
دایک ..... 85
شوێن و کات وەک دوو فریشتە ..... 92
ئەسپ ..... 108
برسی بوونی زەوی ..... 110
گوڵ و باڵ ..... 112
پەپوولەی ڕوخسار ..... 113
بەجێهێشتن ..... 116
مەهاباد ..... 118
پەیکەری مریەم ..... 120
وێنە هەڵواسراوەکان ..... 122
گفتوگۆ لەگەڵ سێو ..... 124
ئاژاوەی ناخ ..... 127
لە دوا گەڕان ..... 131
ژیانی چۆلەکە ..... 133
خەولێکەوتنی گەلا ..... 139